# پەشیمانی شاعیربوونی..گۆران صدیق
# لەنێو دەقێكی تازەیدا

## زاناسامان

( ئەوە ((با)) بوو.. بەدوای سێبەرەکەمدا دەگەڕا) ناونیشانی ئەم دەقە تازەیەی (گۆران صدیق)ی شاعیرە و لە (سایتی دەنگەكان ) بلاوكراوەتەوە، كەپرسیارگەلێكی لەسەر رەوتی ژیانی لەخۆگرتووەو کەوتونەتە خانەی بەشیعركردنەوە، وەك چۆن هەوڵی شاعیر لەم دەقەیدا وایكردووە بۆ وەلامێكی دروست بگەڕێین كەهاوڕا بێت لەگەڵ مەبەستەكانیدا.

شاعیر ئەگەر چی لەشوێنێكدا زۆر بەسادەیی پرسیارەكانی خۆی دارشتووەو دواترو لەناوەرۆكدا قەسەی خۆی لەبارەوە دەكەین.

(هێندە نەبێ كەدەزانم من دەمێكە لەژێر بارانی ئەم كەئابەیەدامو
رۆژ بەرۆژ تەرترو تەرتر دەبمو ژیانیش لەبێمانایی خۆی ناكەوێت)

شاعیر لەو وێنە شیعریەی سەرەوەدا تەنها بەناوی خۆیەوە قسە لەسەر رەوتی ژیان دەكات، بەلام دەبێت هەمووماان ئەوە بزانین كە گەنجی ئێمە بۆ هەمیشە لە نێو كەئابەدا ژیان دەگوزەرێنێت، ژیانێك كەجگە لە بێهودەیی هیچی تری لێ بەرچنە ناكرێت بۆ خوێندنەوەیەكی قووڵ، تاهەولی نەهێشتن‌و خەفەكردنی بدەین، ئەگەرنا (گۆران) بۆهێندە رۆدەچێتە نێو خەمۆكیەوەو هەوڵی خۆخواردنەوە دەدات، كەواتە تەواوی بەماناكردنی ئەم وێنە شیعریەی سەرەوە جگە لەخۆخواردنەوەی شاعیروەك گەنجێك، ناگەینە هیچ دەرئەنجامێكی دیكە كەهەڵگری قسە لەسەر كردنی تربێت.

(هیچ سەرەتایەك نەماوە
رەنگە لێرەدا ژیان كۆتایی بێت)

ئەم وێنە شیعریەی سەرەوە دەكاتە خالی دەستپێكی دەقەكە، كەواتە دەبێت ئێمەش لەدیوێكی تری دنیابینی شاعیرەوە هەولی بەدەرخستن بدەین‌و بزانین بۆچ شاعیر، هەر لەدەستپێكی دەقەكەیەوە پێمان بلێت:

(هیچ سەرەتایەك نەماوە) ئایا مەبەستی شاعیر لەم دێرەدا ئەوەیە كە بڕوای بەهیچ خالێكی یەكانگیریەت بوون نەماوە، یان ئەوەندە بێ ئەمەل بووە لەژیان، كە بەم شێوەیە گوزارشتی خۆی لەبارەوە بلێت، ئەگەرنا بۆ هەردوابەدوای ئەو دێرە پێمان دەلێت:(رەنگە لێرەدا ژیان كۆتایی پێ بێت)، وەك چۆن هەموومان زیندوویەكی مردووین.

(ئەی دۆست

ئەی گەشاوەترین جەستە لەژێر ئەم روناکیە دەستکردەدا)

لەم وێنە شیعیریەشدا گۆران پرسیارێکی تری بۆ بەجێهێشتوون، ئەویش ئەوەیە کە ئاخۆ هۆی چیە بە دۆستەکەی دەڵێت: (لەژێر ئەم روناکیە دەستکردەدا)، ئایا مەبەستی شاعیرانەیی ئەو شاعیرە تەنها ئەوەیە کە دەڵێت روناکی (دەستکرد)..؟؟ یان بۆچی بەو شێوەیە باس لە روناکی دەکات..؟؟ کەواتە دەبێت بڵێین: شاعیر لەم وێنە شیعریەدا گەیشتووەتە ئەو قەناعەتەی کە ئێمەی رەنگ زەردی ئەم کۆمەڵگەیە، بەهۆی روناکیەکەوە ژیان دەگوزەرێنین کە لەلایەن ئەو کەسانەی هەوڵ بۆ خەفەکردنی ئێمە دەدەنژیانێکیان بۆ سازکردووین، کەدەتوانین ناوی بنێین ژیانێکی کارتۆنی.

پێشتر باسمان لەسادەیی دارشتنی پرسیارەکانی ناو ئەم دەقەکرد، هەربۆیە بەباشی دەزانم کە شرۆڤەی خۆم لەسەر خاڵەلاوازەکانی ناو ئەم وێنەیەی خوارەوە بکەم کە شاعیر دەڵێت:

(لەنێو ئەم هاوکێشە بازنەییەدا چەند بێمانایە ژیان

کەتایدا من و تۆ، هەموو رۆژێ

بەهێشوویەک بەختیاری کوژراوەوە

بەباوەشێک گلەیی تەرەوە)

پێویست بەوە ناکات کە تەواوی وێنە شیعریەکە بنوسمەوە، بۆیە بەباشی دەزانم بڵێم: تادەگاتە ئەو دێرەی کەمەبەستمە قسەی لەسەر بکەمو دەڵێت:

(بێ وچان لەنزیک سنورە بێ رەحمەکانی دڵی (ئەو)دا، دڵی ژیان)

رەخنەگرتنی من ئەوەیە کە لەدەستپێکی وێنەکەدا ناوی ژیانی هێناوەو زۆر بە ریتمێکی جوان مەبەستەکانی خۆی گەیاندووە، کەچی لەدوا دێری وێنە شیعریەکەدا کاتێك دەڵێت (دڵی ئەو) ئیتر پێویستی بەوە نەدەکرد، بڵێت (دڵی ژیان)، چونکە کە وتوویەتی دڵی ئەو خوێنەر دەبێت تێبگات کە (ئەو) کێیە، دیارە شاعیر لەوکاتەدا واهەستی کردبێت کە خوێنەر لێی تێناگات، بەپێچەوانەوە منێك ئەگەر خوێنەربم دەبێت ووشە بە ووشە ئاوێتە بە مەبەستەکانی تۆببمو لەگەڵت رێبکەم تاگەیتشن بەخاڵی

بەریەککەوتن.

دوا دێری کۆتایی ئەوەیە کە گۆران صدیق، بەیانی ئەوە دەکات کە خۆزیا شاعیر نەبوایەو وەکو هەر مرۆڤێکی ئاسایی لەچاپخانەیەکدا داڵغەی بەلای زاری تاوڵەکردنەوە بوایەو هێندە خەمی گوزەراندنو خۆشبەختی ژیانی نەبوایە کە دەڵێت:

(واچاکترە وەک باوترینو سادەترین پیاو

بخزێمە سوچی چایخانەیەکەوە

بەبێ دەنگ

سەربنێم بەدڵی ئەم شارە بێ دەرگاو تەنیایەوە

بۆ لەبیرچونەوەش

خۆم بە هەڵدانی زارێکەوە سەرقاڵ بکەم).

تێبینی/ ئەم بابەتە لە رۆژنامەی (رۆژنامە) رۆژی هەینی بەرواری 2007/9/14 بلاۆکراوەتەوە